## کێشەی جێگرایەتی :

ئەمە بەهۆی خواستی دەسەڵات وەرگرتن بە یەکێک لە بەهێزترین هۆکارەکان دادەندرێت، وێڕای ئەو هۆکارە دەرونییانەی ئەمین بەرامبەر دوو براکەی تری خۆی هەیبوو، ئەو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڵێنەی باوکی لەسەری نوسیبوون دەستپێشخەری کردو هەوڵیدا قەڵەمڕەوی خۆی بەسەر هەرێمەکانی براکانیدا بڵاوبکاتەوە، پاشان موسای کوڕی پێش ئەوان بخات ئەمە بووە هۆی تەقینەوەی بارەکە، مەئمون لە خوراسان مایەوەو بەجێی نەهێشت، ئەمین لەسەرەنجامی ئەم مانەوەیە ترسا، دەی ئیتر ئاسایی بوو هەردوو برا گومانیان بەیەکتر خراپ بێت .

## ململانێی ڕەگەزی عەرەبی و فارسی :

ئەو دیمەنانەی ڕۆڵی سیاسی کە هەریەکە لە (فەزڵی کوڕی سەهل)ی نوسەرو نەخشە بۆدانەری مەئمون کە نوێنەرایەتی ڕەگەزی فارسی لە کارگێڕی عەباسیدا دەکردو (فەزڵی کوڕی ربیع) کە نوێنەری خواستی عەرەبیەکان بوون دەیانگێڕا، بەشێوەیەکی دیار کەوتنە ڕوو نیازەکانی هەردوولا لەدوای مردنی رشید دەرکەوتن و جیاوازی دیدی سیاسیان خۆی نیشاندا، بەو جۆرە کێشەی ململانێی دیدێکی نەتەوایەتی نێوان عەرەب و فارسیشی لەخۆگرت

**چاوچنۆکی دەربارەکان :**

**فەزڵی کوڕی سەهل پاڵپشت وهاندەری مەئموون بوو تا لە خوراسان دا بمێنێتەوەو داواکەی ئەمین بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا بەرپەرچ بداتەوەو هەوڵبدات هاودەمەکەی خۆی بگەیەنێتە خیلافەت، لە کاتێکدا فەزڵی کوڕی ربیع و علی کوڕی عیسای کوڕی ماهان پاڵپشت و پاڵپێوەنەری ئەمین بوون تا بەڵێنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەو جۆرە دەست تێوەردانی پیاوانی دەربار بووە هۆی خراپتر کردنی ئەو ململانێیەی کە گەیشتە ئاستێک گەڕانەوەی بۆ نەبوو و هەر دەبوو پێکدابدەن .**

**پێکداادانی نێوان دوو براکە :**

**ناکۆکی و ململانێی نێوان الآمین و المآمون بە دوو قۆناغ تێپەڕی :**

**قۆناغی گفتوگۆی ئاشتی کە لە ساڵی (195ك/٨١١ز) کۆتایی پێهات وە قۆناغی یەکلاکەرەوەی سەربازی کە کۆتایی پێهات بە کوژرانی خەلیفە الآمین لە ساڵی (١٩٨ك/٨١٣ز) وە مامون بوو بة خةليفة.**

